# خەرجی بکە وببەخشە، ودەستت مەگرەوە چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە، وهەڵمەگرە لە خەزێنە چونکە خودا بەخشین بە تۆ دەگرێتەوە لە خەزێنەکانی

لە ئەسمائی کچی ئەبی بەکری سدیقەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «دەست مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە خودا پێت نابەخشێـت»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «خەرجی بکە وببەخشە، ودەستت مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە، وهەڵمەگرە لە خەزێنە چونکە خودا بەخشین بە تۆ دەگرێتەوە لە خەزێنەکانی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئەسمائی کچی ئەبی بەکری سدیقی فەرموو -ڕەزای خوایان لێبێت- : موڵک وسامانی زۆر لە خەزێنەکەت هەڵمەگرە ودەست مەگرەوە (لە بەخشین) چونکە ئەگەر وا بکەیت خوای گەورە ڕزقت پێنابەخشێـت، وفەرمانی پێیکرد کە ببەخشێت لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، مەژمێرە لە ترسی نەمانی ڕزق وڕۆزیت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕزقی تۆش نەمێنێت وبەرەکەتی تێنەکەوێت ئەمیش مانای ئەم بەشەی فەرموودەکەیە کە دەفەرموێت: (ودەستت مەگرەوە -لە بەخشین- چونکە خودا بەخشینت لێدەگرێتەوە)، وئەوەی زیادە لە ماڵ وسامانت لە خەزێنەدا هەڵی مەگرە وبیبەخشە بە هەژاران وپێویستان چونکە ئەگەر نەبەخشیت ئەوا خوای گەورە ڕزق وفەزڵی خۆی بە تۆ نابەخشێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee